# جاشیزم له كوردستاندا

## تەوەری باس: كوردستانی ڕۆژهەڵات

بـه دوای خەیانـەتی "ذوالقـرنین" كوروشـی كـەبیر كـە خێـڵ خـاڵوانی كـورد بـوون و میـدیایی، پاشـان لـه ڕێگـای هیدایەتكردنی باب و ئامۆزا و ...هتد، بوومە لەرزەیەكی خستە ئیمپراتۆریای میدیا و وەك یەكەم جاش دژی نەتەوە و دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی جووڵایەوە و عەجەمی بەرەو تەخت و تانجی پاشایەتی برد. هەمیشە دەسەڵاتی یەك لە دوای یەكەكانی ئێرانی مەترسی ئەوەیان لە دڵ بووە كە كورد لە بارەگای وشیاری نەتەوەیی‌دا بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆیی و سڕینەوەی پەنجە و شوێن پەنجەی داگیركەردا خەبات بكات. بۆیە پێویستیان بە جۆرێ " گەرێنتی" بووە كە لە ناوخۆی كۆمەڵگای كوردەوە ئاراستەیان ببێ.

میكانیزمێك بۆ ڕزاندنی بنەماكانی یەكگرتن و یەكێتی توێژەكانی كۆمەڵگا، بۆ ئاژاوە نانەوە و دووبەرەكی سەد بەرەكی خولقاندن بۆ ئیفلیج كردنی هێزی ماددی و ئینسانی بزووتنەوەی هەقخوازانەی كورد و ... هتد. لەم پێناوەدا بە دوای " State nation" دەسەڵاتی نەتەوەیی ، لە لایەن "ڕەزا شا" وە دابەزاندنی میكانیزمی ئاماژەپێكراو هاتەكایەوە....

## جاش

جاش بەو كوردە دەوترێ كە هێزی فیكری و ئینسانی خۆی دەكات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی دەسەڵاتی ڕەش و لە پێناوی مەشرووعییەت بەخشین بە داگیركەر لە بەرانبەری پارەدا دەجووڵێتەوە.

جاشـیزم، قوتابخانـەی پـیرۆزی جـاش و جاشـیەتی لـە كوردسـتاندا، وەك ناسـیونالیزم لـە ئورووپـادا، قۆناغـە تایبەتی‌یەكانی خۆی تێپەڕ كردووە، ئەم لە پێناوی چەوسانەوە و خەیانەتدا و ناسیۆنالیزمی ئوروپاش بۆ دیمۆكراسی و ئازادی و مافی مرۆڤـی شارومەندی ئەورووپی!

پاش كردەوەی گەورە جاش " كورش كبیر"، مەلای خەتێ بە دەر كردنی فیتوا لە دژی میری ڕەواندز و پشتیوانی كردنی لە دەسەڵاتی عوسمانی بەرگی جاشێتی لە بەر كرد. ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەكی مەنتیقی– عەقڵی پۆلین بەندی جاشیزمی كوردی لە كوردستانی ڕۆژهەڵات بكەین دەتوانین بەو شێوەیە ئاوڕی لێ بدەینەوە:

## جاشیزمی ئایینی

سـەرەتا دەسـەڵاتی پاشـایەتی ئێـران لـە ڕێگـای مـەلا و شـێخ و سـاداتی كـوردەوە، بیریـان لـە چەوسـانەوەی كـورد و شەرعییەت بەخشین بە خۆیان بە كەڵك وەرگرتنی خراپ لە ئاكار و عەلاقەی مەزهەبی كۆمەڵگای كوردی كردەوە، بەم شێوەیە مینبەر و میحراب ، تەكیە و خانەقا، بوون بە كانوونی ڕەوابەخشین بە دەسەڵات و پەیتا پەیتا دۆعای خێر بۆ ئەوان و دەعوەتكردنی خەڵكی بۆ پشتیوانی كردن لە دەرباری پاشایەتی. بێگومان كەم نەبوون ئەو شێخ و مەلایانە كە لە بارەگای وشیاری نەتەوەیی‌دا بۆ میللەتەكەیان خەباتیان كرد. بەڵام شەپۆلێكی‌تر لە ڕەنگی جۆراوجۆری جاشیزمدا هەبووە كە جۆرێ لەم شەپۆلە ئێستاش ئیشی خۆی دەكات و ناڕاستەوخۆ تەشكیلاتی ئیتلاعات هیدایەت و ڕێبەرییان دەكات و " مركز بزرگ اسلامی غرب كشور" ساپۆرتی ئابوورییان دەكات و خوتبەكانیان بۆ ئامادە دەكاتن.

بە سـەرنجدان بـە بـاوەڕی مەزهـەبی – ئـایینی بەشـێكی جـەماوەری كـورد و گوێڕایـەڵییان بـۆ كەسـایەتی‌یە پـیرۆز كراوەكان، بۆمان دەر دەكەوێ ، خەیانەتی ئەو شەپۆلەی جاشیزم چەند كاریگەر و وێرانكەرە!

بێشك مادام باوەڕی مەزهەبی و ئایینی لە نێو خەڵكیدا بمێنـێ و " سكۆلاریزم" شوێن پێـی نەریتـە نـەرم ئامێزەكانی مەزهەب، دەسەڵاتی لە دیدی خەڵكەوە نەگرێت، مەترسی مانەوەی جاشیزمی ئایینی و ...هتد، دەمێنێ.

## جاشیزمی فیۆدال

هاوتـەریبی جاشـیزمی ئـایینی، جاشـیزمی فیـۆدالیش هاتـە كایـەوە، بـەمجۆرە دەسـەڵات بەكـەڵك وەر گـرتن لـە زۆر بـەی ئاغاو زەویندار و خانەكانی كوردستانەوە بۆ چەوساندنەوەی خەڵكی زەحمەتكێش و مەشروعیەت بەخشین بە خود و كۆ كردنەوەی زانیارییە پێویستەكان جولایەوە.

جاشیزمی فیئودالیش بەهۆی پەرستنی پارەو موڵك و دارایی یەکانەوە ، کرێکارو زەحمەتکێش و رەنجبەری کوردیان دەچەوسانەوە و ببوونە دەمڕاستی دەسەلات و چقڵی چاوی خەڵك و کۆمەڵگا.

بەداخەوە، ئێستاشی لەسەر بێت جاشیزمی فیئودالی کارە پێ ئەسپێردراوەکانی جێبەجێ دەکات تەنانەت ئەوانەش بەهۆی شۆڕشی سپییەوە ،لە موڵکداری و ...کەوتن دیسان لەپێناو هەمان سیاسەتدا خۆیان و ئاغاوات و ئاغازادەکانیان دەجولێنەوە . بەکورتە نیگایەك بۆ کۆمەڵگای کوردی بۆمان روون دەبێتەوە کە جاشیزمی ئایینی و فیئودالْ دۆستایەتی و نزیکایەتیەکی ئەوتۆیان هەیەو دەڵێ: برای یەکن و بەردەوام پشتیوانی یەکترن.زۆر جار بیستوومانە کە ئاغازادە پشتیوانی لێکراوەکانی ساواك، تەنانەت دەست درێژی ئەکردە سەر ئافرەت و ژنی رەنجبەران و رەعیەتەکانەوە! زۆر جاریش بۆخۆیان دەسەڵاتی قەزاییان هەبوو، خەڵکیان محاکەمە دەکرد.چونکە دەسەڵاتی ڕەش ئەو ئیزنەی پێ دابوون، بەهەموو شێوەیەك بۆ تەنگ هەڵچنین بەژیانی خەڵکی بجولێنەوە .

جاشیزمی سیخوڕ

چرۆدەرکردنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی لەسەردەمی پاشایەتی‌دا، لە ئێران، دەسەلاتی بەرەو شێواز و مودێلێکی دیکەی جاشیزم هاندا، تاکو وێڕای ساپۆرتی ئەو دوو شێوە جاشیزمەکە، زانیاریەکانی لەسەر لایەنگرانی بیری نەتەوەیی کانالیزەو پۆلینبەندی بکات. بۆگەیشتن بەم مەبەستە جاشیزم سیخوڕی خوڵقاند ،جاشیزمی سیخوڕ بەهۆی هەبوونیان لە جل و پێستی کۆمەڵگاو نەناسراوی بوونی ماهیەتیان بۆ خەڵکی دەیانتوانی هەر چەشنە زانیارییەك بۆ ساواك کۆبکەنەوە.جاشیزمی سیخوڕ بە نامەردانەترین شێوە کەوتنە راپۆرتدان لەسەر خەڵکی و تەنانەت سیخوڕی ئاغاو مەلاکانیشیان ئەکرد.

ئێستا جاشیزمی سیخوڕ بەجیددی هەڕەشە لە هەموو پارت و رێکخراو و ناوەندو ئەنجوومەن و کۆڕە سیاسی، فەرهەنگی و ئەدەبیەکانی کوردستان دەکات ، کۆماری نەنگ و تیرۆر کردوویانیە بە گوڵی سەر سەوەتی جاشیزمی کوردی و بە هەموو شێوەیەك ساپۆرتیان دەکاتن . سیخوڕ جاشەکان جوغرافیای تەقەلایان هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە بگرە لە ریزی هێزی پێشمەرگەشدا نفوزیان کردبێت، دەرمانداوی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات نموونەیەکی ئەو راستی‌یە تاڵەیە.

جاشیزمی چەکدار

چوارەمین قۆناغی جاشیزم لە کوردستاندا و لەهەمان کاتدا بەرچاوترینیان جاشیزمی چەکدارە. کاتێ کۆماری ئیسلامی و ئاخووندەکان بەرهەمی خەباتی گەلانی راپەڕیویان دزی و چەسپان بە دەسەڵاتەوە و بە مزگەوتان قەناعەتیان نەکرد. ئەو دەم گەلی کورد لە حاندی بێحورمەتی بە مافەکانیدا بێدەنگ نەبوو بۆیە بە ناچاری پاش بێ ئەنجامی وتووێژ و موزاکیرە، هانای وەبەر شەڕی چەکداری برد.

کۆماری وەحشەت قۆناغە تەجروبەکراوەکانی پێشووی جاشیزمی وەك بەرپەرچی هێزی پێشمەرگە نەئەدیت، بۆیە جاشیزمی مودێرن – چەکداری سازدا. سەرەتا "سازمان پیشمرگان مسلمان کرد" یان وەك رێکخراوەی ئەو جاشیزمە راگەیاند، پاش لە رێگای تەبلیغاتەوە کەوتنە جاشگیری و بە شێوەی عەمەلی و پراتیك جاشیزمی چەکداریان لە ژێر بارانەی تف و نەفرەتی جەماوەری هاودەنگی پێشمەرگە، ناردە مەیدانی رووبەڕووبوونەوەی پێشمەرگە.

جاشەکان بە جل و بەرگی کوردی و چەك لە سەر شان بە ناو شەقامەکاندا دەگەڕان.جاشەکان بوون بە هەڵگری نەخشەی ئەشکەوت و تووڵە ڕێ و ... گوند و چیای کوردەواری بۆ سپای پاسداران ...هتد.

جاشەکان بوون بە بکوژ و قاتڵی ئەو رۆڵە قارەمانانەی کە بۆ ئازادی وڵاتەکەیان هاتبوونە مەیدانی خەباتەوە.

لە کەسیش شاراوە نییە بە بنەماڵە و خێزان جاشی شەپۆل چوارەمی لە باری ئەخلاقی‌یەوە ، بە تەواوەتی، بەد ناو ورێسوان، جاش ئاواکانیش لە هەموو شارەکانی کوردستان کانوونی سۆزانی‌گەری و فەحشان.

دوا بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و عێراق و پاشان رزگاربوونی کوردستانی باشوور و گۆڕانی بارو دۆخی سیاسی ناوخۆی ناوچە و جیهان ، خەباتی چەکداری پێشمەرگە بووە خەباتی سیاسی– دیپلۆماسی– رۆشنبیری – مەدەنی گۆڕا....

ئەم ئاڵ و گۆڕەش بوو بە هۆی بێنیازی دەسەڵاتی خوێن ڕێژ بە جاشەکان. بۆیە بە پەلە زۆربەیان خانە نشین کرد و تاقمێکی دیکەیان کرد بە یەکەی تیرۆر و خراپکاری. بێشک خەیانەت و غەدرێك کە جاشیزمی شەپۆل چوارەمی – جاشیزمی چەکدار – مودێڕن لە نەتەوە و خاکی کوردستانیان کرد، لە مێژوودا کەم وێنە بوو. ئەم جاشانە بۆ خۆشیان هەڵگری ڤیروسی بێ ئەخلاقی بوون. ئەوان کە بە سانایی و بە لاش نیشتمان فرۆشی و نەتەوە و کورد فرۆشییان کردبوو،ئیدی باسی ناموس پەرستیو ...هتد، لایان ئەفسانەبوو.

هەڵبەت ئەوەشمان لەبیرنەچێ کە لە ڕیزی ئەواندا زۆرئینسانی پێشمەرگەش هەڵکەوت کەدوایی کاتێ دەسەڵات پێیزانین، تیربارانیکردن.

سازدانی جاشیزمیشەپۆل چوارمی لەلایەن دەسەڵاتەوە بەومانایە نەبووە و نیە کەوازیان لە جاشیزمەکانی تر هێنابێ!!بەڵکوو هاوکات هەر چوار شەپۆل ئیشی خۆیان لە پێناو بە دیهاتنی ئامانج و مەبەستی داگیرکەردا جێ بە جێ دەکرد.

<u>جاشیزمی ئەفیوونی</u>

دەسەڵات پاش ئەوەی کە دیتی سەرجەم پیلانە فیزیکییەکانی بۆ بە چۆکدا دانی کورد ، بێ کەڵك و بێهوودە بووە، بیری لە شێوەگەلی میتافیزیکی کردەوە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە ڕێگای تاقمێکی ماڵپەرست و ستایشگەری دەسەڵاتەوە، پرۆژەی ئەفیوونیزەکردنی کوردستانی پەیڕەو کرد.

جاشیزمی ئەفیوونی سەرەتا لە "سنە"وە دەستیان پێکرد و دواتر گشت کوردستانیان کرد بە جەولانگەی تێکۆشانی ڕەش و دژی ئینسانی خۆیان.

ناڕاستەوخۆ کۆمەڵێك لاوی دڵپاکی کورد کەوتنە داوی ئەوانەوە. چونکە بە هۆی بێکاری، مەجالێك بۆ وەدەستهێنانی پارەی زۆریان بۆ ڕەخسابوو! پاشان هەم خۆیان ئالوودە بوون و هەم دەور و بەریشیان ئالوودە کرد. جاشیزمی ئەفیوونی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵکردن و هیدایەتی " معاونت مواد مخدر اداره کل اطلاعات کردستان" کە بەرپرسەکەشی براکوردێ بە ناوی ك. م ، بوو کارەکانی جێ بە جێ دەکرد. ئەندامانی جاشیزمی ئەفیوونی زۆر زوو بە سامان و پارەیەکی زۆر گەیشتن. بەڵام بە چ بەهایەك؟!دەبێت لە خۆیان پرسیار بکەین!!

گۆڕستانی" تایلە"ی سنە ، کە ئارامگەی سەدان شەهیدی قارەمانە، ئێستا بوەتە مەکۆی " گەرد" کێشان و ...تەزریق کردنی مەوادی موخەدێر. چوار ڕێیانی ئازادی و مەیدانی چوارچرای مەهاباد... مەیدانی هەڵوی سەقز... مەیدانی موعەلیمی بۆکان .... مەیدانی شەبڕەنگ و چوار ڕێی ئەسڵی مەریوان.....هتد، دەهەموو بوونەتە شوێنی کڕین و فرۆشتنی ئەم جاشە چەپەڵانە. هەڵبەت زۆربەی هەرە زۆری وردە قاچاخچییەکان پێوەندییان بە جاشیزمی ئەفیوونییەوە نییە، بەڵام لە پێناو بەرژەوەندی ئەوان کە هەمان بەرژەوەندی دەسەڵاتە دەجووڵێنەوە! سەیر لەوەدایە پۆلیسی کۆماری ش پشتیوانی ئاسایشی ئەمنییان دەکا!

بێشك زەبرێك کە جاشیزمی شەپۆل چوار و جاشیزمی ئەفیوونی لە ڕۆح و کەرامەتی نەتەوەیی کوردی دا و ئێستاش بەردەوامتر لە هەمیشە و هێزمەندانەتر لە جاران، لە ئیش و پیلانگێڕیدایە ، قەت فەرامۆش ناکرێت و جێگای داخ و حەسرەتە!

جاشیزمی ئەفیونی بنەماڵەکانیان گرتە نیشانە و تیشەیان لە ریشەی بزوتنەوەی نەتەوەیی – دیمۆکراتی کوردستاندا....

ئینسانی موعتاد سەرەتا دەروەستی و تەعەهودی بەرامبەر بە خۆی و بنەماڵەکەی لە دەست ئەدات و دیارە لە دواییش دا چ باوەڕێکی بە خاك و نەتەوەکەی نامێنێ.

ئەو لاوەی کە دەبێت لە یەکێ لە سەنگەر و مەتەرێزەکانی شۆڕش بۆ ئازادیدا بەشدار بێت، ئێستا هاودەمی تلیاك و هیرۆئین و...یە. بەمەشەوە ناوەستێ و بۆ دابینکردنی پارەی مەوادەکەی هانا دەباتە بەر دزی و هەموو نەوعێ بێئەخلاقییەك!! بۆ خۆم زۆر لەوانە دەناسم کە بۆ دابینکردنی پارەی تلیاك و زەهریمارییەکەیان نامووسیان دەفرۆشن و

پیاوانی بێ ئەخلاق داوەت دەکەن بۆ باوەشی کیژ و بووك و ژنیان!! واتا لە گەڵ جاشیزمی ئەفیوونیدا، جاشیزمی بێ ئەخلاقیش خۆی لێ قوت کردینەوە. زیندوو بێ یادی ماموستا هێمن کە فەرمووی: " ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین"

جاشیزمی رۆشنبیر

دەسەڵاتی رەشی ئاخووندی لە سەرەتای دزینی بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بیری لە درووستکردن و بەرجەستەکردنی تاقمێك زڕە رۆشنبیری کورد کردەوە، تا بە چێژ وەرگرتن لە ئەدەب، فەلکلۆر و کەلتووری کوردی بەدیلێکی چەواشە بۆ کەسایەتی رۆشنبیرە دەرەوەست و نەتەوەیی‌یەکان دروست بکەن.

جاشیزمی رۆشنبیر بۆ چەسپاندنی ئیدیعای کۆماری تیرۆر و قەڵەم کوژ لە بیروڕای جیهانیدا سەبارەت بە هەبوونی ئازادی و چاپەمەنی کوردی و ئازادی بەیان و... ، چەند گۆڤار و حەفتەنامە و ...یان بڵاو کردەوە!

لە کارەکانی دیکەی جاشیزمی رۆشنبیر، بە ڕیوەبردنی کوڕ بۆ ڕێوڕەسم و بۆنە پیرۆزەکانی کۆماری ئیسلامی بوو!! زۆر بە داخەوە هەن کەسانێك کە بە شایەتی گشت کوردستان لە دەزگای ... زانکۆی.... لە.... بە دەیان و سەدان پڕۆگرامیان بۆ کۆماری ئیسلامی بە ڕێوە بردووە و زۆر جاریش لەم لا و ئەو لا بە تایبەت لە" سەدا و سیما"ی .... زۆر بە حورمەتەوە شادیمانیان بە شانی ئاغاکانیاندا هێناوە!

یەکێ تر لە کارەکانی ئەم تاقمە نووسین بۆ مەشرووعییەت بەخشین بە دەسەڵاتە، گا بە ناوی خۆیان و سەد جاریش بە نازناو و ناوی موستەعارەوە قەڵەم فرۆشییان کردووە و لە خەتی خەت پێدەراندا، نووسیویانە!

وەرگێڕانی شێعر و نووسراوەی شاعیر و نووسەری شۆڕشگێڕ بۆ دەزگای ئیتلاعات لە کارەکانی دیکەیانە. هەمووی ئەوانە و جاشە سەرزلەکانی ئەم قوتابخانەیە، ناویان تۆمار کراوە کە بە چەند هۆیەکەوە، نووسەری ئەم بابەتە لە هێنانی ناویان خۆی دەپارێزێ.

لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستانی کۆماری ئیسلامی لە وەفدە رەنگالەکاندا بۆ کوردستانی باشوور زیاتر دەر ئەکەون. وێڕای حورمەتی تایبەتیم بۆ چەند کەسایەتیەکی ئەو وەفدانە کە لە ژێر چاوەدێری دان، دروست کردنی سەر لێ شێواوی کەلتووری رۆشنبیری وەك دیکە ئەرکی ئەم قوتابخانەیە لە کەس شاراوە نیە.

جاش و پێشمەرگە

پێشمەرگە بەو رۆڵە قارەمانەی وڵات دەوترێ کە بۆ رزگاری و بەرگری لە وڵاتەکەی، بۆ هێشتنەوەی خاك و وڵات و نەتەوەکەی دەستی داوەتە چەك یان قەڵەم یان هەردەکیان و لە پێناوی وەدیهاتنی خەونی ڕەوای میللەتەکەیدا خەبات دەکات.

پێشمەرگە بەو رۆڵە کۆڵنەدەرەی وەتەن دەوترێ کە لە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەکەیدا چاوپۆشی دەکا لە بەرژەوەندی تاکە کەسی – عاتیفی و بنەماڵەیی خۆی.

پێشمەرگە بەو کەسایەتی‌یە دلۆڤانە دەوترێ کە ئاڵای سەر شاخ و هێمای رزگاری و ڕێبواری ئاسۆی سووری سەربەستی‌یە.

پێشمەرگە بەو زاتە پیرۆزە دەوترێ کە بۆ سڕینەوەی ئەهریمەنی داگیر کەر بە ئیلهام وەرگرتن لە خودای ئازادی و کەرامەت بە هەموو شێوەیەکی رەوا و مەشرووع لە پێناوی بەرجەستەکردنی شوناس – ی نەتەوەکەی تێدەکۆشێ.

پێشمەرگە بەو سیمبۆلە راستگۆیە دەوترێ کە خەو بە واقێکی ئینسانی‌یەوە دەبینێ.

پێشمەرگە بەو کیژ و کوڕە کوردانە دەوترێ کە شیعر بە شێر بە پلینگ و هەڵۆیان دەشوبهێنێ. کە شەهیدیش بوو، خاك بە حورمەتەوە لە ئامێزی دەگرێ و خەڵك بە خوێنە چل میلیۆن چرائاساکەی، سویند دەخوات...

پێشمەرگە بەو ئاشقە ئەویندارە دەوترێ کە عەوداڵی خۆشەویستی نیشتمانە و هەوەس ناتوانێ باوەشی بۆ بکاتەوە.هەر بۆیە هەڵگری پرۆژەی ئەخلاق مەندی و رەوشتی پاك و نەفسی بەرزە.

پێشمەرگە بە خۆشەویستانی گەل دەوترێ. پێشمەرگە لە هەمان کاتدا کە بۆ شوناسی نەتەوەکەی خەبات دەکات، بۆ خۆی پێناسەی هەبوونێکی حاشا هەڵنەگرانەیە. پێشمەرگە، شاعیر وتەنی : " سروودی سەرکەوتنە" و .....

لە بەرانبەردا :

جاش سومبولی بێ ئەخلاقییە.

جاش ئەو مرۆڤە زەلیلە و ئەو کەسایەتییە ڕوخاوەیە کە فیداکارانە بە شێوەیەکی رۆژانە رق و تف و نفرین و لەعنەت و نەفرەتی رۆڵە دڵسۆزەکانی گەل دەبینێ و کە چی سەرشۆڕانە عابای جاشیەتی دەپارێزێ و بەردەوام بێ ئەخلاقی خێزانی دەبینێ. ئەگەر جارێکیش لە ژنەکەی پرسییەوە : بۆچی لەشفرۆشی دەکەی؟ دەبێ وەڵامی ئەوە بێ:" من لەشی خۆم دەفرۆشم و تۆ هەموو کوردستان دەفرۆشی، تاوانی کامەمان گرانترە؟!!"

جاش بەو کوردە ریسوا و ترۆیە دەوترێ کە جەهەندمێکی ئیختیاری بۆ خۆی تەرخان کردووە و هەموو نرخ و بەهایەکی مەعنەوی دۆڕاندووە و بەردەوام بڵێسەی ئاگرە یاخی‌یەکانی دەیسووتێنێ و ئەو لەزەت دەبات!

جاش بەو مۆدیلە کوردە دەوترێ کە کارئەکتری میکانیزمی دڵخوازی داگیرکەرە و بەری رەنجی هەوێنی شایی و خۆشحاڵی نەیارەکەی وەدی دێنێ.

جاش بەو بێژووە کوردانە دەوترێ کە بێشەرمانە بووکێنی نیشتمانەکەیان بە دڵفراوانی‌یەوە دەبەخشن بە داگیر کەر و بۆ خۆشیان دەبنە سەماکەری ئەو شایی‌یە شوومە!

جاش بەو کەسایەتی‌یە رووخاوە دەوترێ کە نە رووی ژیانی هەیە و نە رووی مەرگ. جاشمەرگەشیان بۆ شیاو نیە!

جاش بەو باوکانەی دەوترێ کە ئەگەر منداڵی وشیاریان هەبێ هەوڵی رەتکردنەوەیان ئەدەن و تێدەکۆشن ناوی باوکی جاشیان لە ناسنامەی خۆیان بشۆنەوە.

جاش بە لەتەکانی هەیکەلی شەیتان دەوترێ کە رۆژانە ئەهووورای زەوینی‌یەکان دەیانبینێ.

جاش نەنگین ترین وشەی قامووسی زمانی کوردی و ڕەشترین وشەی قامووسی سیاسی‌مانە.

<u>هۆکارەکانی دەرکەوتنی / پەرە پێدانی جاشیزم لە کوردستاندا</u>

جاشیزم وەك هەر دیاردەیەکی کۆمەلایەتی – فەلسەفی – فیکری ، لە ئاسمان ڕا دانەبەزیوە، بەڵکو کۆمەڵە فاکتەر و پارادیمێك یەکیان گرتووە تا ئەم دیاردەیە یان ئەم دیاردە ڕەشە سەر هەڵ بدا و گەشە و نەشەش بکا لەوانەش دەتوانین ئاماژە بەو خاڵانەی خوارەوزە بکەین:

١– ئیرادەی دەر لە یاسای ڕەش.

٢– هەژاری ماددی – فیکری – سیاسی و...

٣– کەمتەرخەمی و تەنانەت هەندێ هەڵەی ستراتیژی بڕێ لە حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان.

٤– نەبوونی کەش و هەوای دیمۆکراتیك لە وڵات.

٥– ئایین باوەڕی کوێرانەی جەماوەر.

٦– تەوەزلی و تەمەڵی.

٧– نەبوونی بیری نەتەوەیی لە سەرتای شۆڕشەوە هەتا ئەم دواییانە.

٨– پەیوەست بوونی دەسەلات و پارە و جاش.

٩– دوور بوونی پارتەکان و هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە کۆمەڵگای خۆیان بە تایبەت لەم دواییانەدا!

١٠– بەستە بوونی پەروەردە لە خانەوادە و بنەماڵەکاندا و دەیان فاکتەری دیکە.

ئارتیکا کوردی